

# گۆرانی کوردیو کێشەی تێگەیشتنی زمان

گۆشەیەکی هونەرییە دیاری قەرەداغی دەینوسێت

● ئەوە ئاشکرایە کە خەڵکی کورد زۆرتر تەبایە لەگەڵ شیعر وەك لە ئاواز، هاورێترە لەگەڵ وشە بەر لە موزیك، بۆیە لە یەکگرتنەوەی ئەم رەگەزە سەرەکییانە بۆ خولقاندنی بەرهەمێکی گۆرانی هەمیشە هەست بەو ریزبەندییە دەکرێت لە گرنگترینیانەوە بۆ کەمتر گرنگ. رەگەزە هەرەدیارەکانی گۆرانی کوردی شیعرو ئاوازە، کە بەڕاشکاوی دەڵێم کەمتر هەست بە لایەنی دابەشکردنو توانای ژەنین کراوەو کەمتر لەوان گرنگی دراوە بە تەکنیکە هونەرییەکانی تر کە سەرنجام فۆرمێکی تایبەتی پێدەبەخشێت.. زیاتر هەوڵەکان لە گۆرانییەکدا لە بازنەی شیعرو دەنگدا خولاونەتەوەو ئەمەش لەو هەستەوە هاتووە کە کەسی کورد وەرگرێکی زۆر راستەوخۆو خیتابی بووە، هەمیشە رادەی تێگەیشتنی خۆی لە گۆرانییەك بچوك کردۆتەوە تەنها بۆ شیعرو دەنگ، دەنگێك کە خزمەت بە وتنەوەی شیعر بکات تا لێوەی وێنەی واعیزێکی تر بۆ خۆی دروستبکاتەوە، خولقاندنەوەی وێنەی شاعیرێکی نێو دیوەخانو کاراکردنەوەی هەوەسی گوێگرتمان وەك گوێگرێك بۆ هەواڵێك، بۆ حەماسێك، بۆ بزاوتێك کە هەمووی لە گەرووی شیعرەوە بێتە گۆ بەرانبەر ژیانی مرۆڤی کورد کە تێکەڵی رەنجو نارەحەتیو چەرمەسەرییەکانی ژیان بووە، تێکەڵی قاتوقڕیو زبری لە بەرکەوتە رۆحییەکان بەهۆی کوشتاری زۆرو جەنگە یەك بەدوای یەکەکان، کوژرانی ئازیزو نەوەکانمان لە پێشچاومان، لێدانو ئەشکەنجەی بەردەوام.. سەراپا ئەو واقیعە سەختە لە دەروونماندا تەرجومە بوو بۆ شیعارات" بۆ خیتابات" بۆ بەرەنگاری، بۆ توندوتیژی، زۆرێك لە گۆرانییەکان یان کڕوزانەوەیە بۆ ئەو حاڵەتە یان سروودێکە پڕیەتی لە وشەو دەستەواژەکانی ((جەنگاوەرین، نابەزین، مەردم ئەمن، زمانم پژا، بژی، بمرێ، ئەی زیندان، شۆڕشگێڕی قارەمان ...هتد))، یاخود ئەو گۆرانییە سۆزداریو دەروونپڕوکێنانەی پڕن لە خەمی ناخ، وەك حەسرەتی ((لایلایە رۆڵە لایلایە، کۆرپە بێ باوکەکەم، هەناسەی ساردم، من غەریبم، دەربەدەری شارانم ...هتد))، موزیك زمانی رۆمانسە، زمانێکە کە لێوەی وەرگر خەیاڵ دەکاتە میوان، وێنەکان بە ویستی خۆی ئاڵوگۆڕپێدەکات، بە ویستی بیسەر ئاماژەکان رەنگدەکرێنو لە تێگەیشتنو ئامادەگی چێژو رۆشنبیرییەتی خۆیەوە پلەو ئەرزشی وێنەکان هاوجووت دەکات لە گەڵ نەغمە دەرچووەکانی موزیك، جارێك کاڵو جارێك تۆخ، دەنگێ نزمو ئەویدی بەرز. ئەوە شەپۆلەکانی هارمۆنییەتە هەستی وەرگر دەخاتە سەر باڵەکانی خۆیو هەڵیدەگرێتو دەیکێشێ بە رۆخی کەنارەکاندا، ئاشکرایە موزیك زمانێکە گوزارشتە لەوەی هەیە بەو مەرجەی ئێمە لوغزو شفرەی کۆدەکانی بکەینەوە.. لەوەی سەرەوە مێژوویەك بێشەرمانە خۆیمان پێدەناسێنێت کە بۆتە هۆی ئەوەی تێگەیشتن لە گۆرانی تێگەیشتن بێ لە شیعر، چێژی گۆرانی لای ئێمە دیقهتدانی دەمو قوڕقوڕاگەی گۆرانیبێژە، چۆن شیعرەکەمان تێبگەیێنێت، چەپڵەی ئێمە لەم عەسرەدا ئەو کاتە نییە کە تەکنیکی ژەنیارێك بمانخاتە سەماو خەیاڵێکی رۆمانسی تاوەکو دوائاست ئەسیرمان بکات، هەرگیز! بەڵکو شوێنی چەپڵەکانی جەماوەر لە گۆرانییەکدا دیارو ئاشکرایە ((زۆرجار منی جەماوەر یەکسەر زانیومە، کەی چەپڵە لێدەدرێت)).

بەهای گۆرانییەك لای هەورامییەك ئەوەیە گۆرانییەکە شیعرەکەی بە دیالێکتی هەورامی بێت، گوێگرتنی کرمانجییەك تەنها لە رێگەی ئەو بەستانەوەیە کە تێکستەکەی کرمانجییە، موستەحیلیشە بۆ سۆرانییەك چێژ لە سترانێکی لوڕی وەربگرێت، چونکە دەفەرموێ: "لە شیعرەکەی ناگەم"، هەمووانیش تێکڕا نارەحەتین بەو گۆرانییەی موزیك تێیدا سەرکەشە، لێرەوە کێشەی زمانو تێگەیشتنو تێنەگەیشتنی دیالێکتەکان بەربەستێکی نەخوێندەوارانەیەو کێشەی چێژمان بۆ دروستدەکات، نزمی چێژیش بۆ موزیك جارێکی تر گرنگی دادەنێتەوە یۆ دیالێکتەکانو دەیانکاتەوە بە رەگەزێکی سەرەکی. دەرئەنجامی ئەم دۆخە کۆمەڵێك دیاردە لە ئێستای گۆرانیدا سەریهەڵیداوەو وای لە کەسی گۆرانیبێژ کردووە کاتێ سیدییەك دەربکات هەوڵی ئەوە بدات کە هەمەڕەنگانە گۆرانییەکانی بە دیالێکتەکانی کرمانجیو هەورامیو دیالێکەتەکانی دیکە بێت، ئەمەش نەك لە خۆشی سۆزو چێژی ئاوازەکەوە بێت، بەڵکو بە بیانووی ئەوەی ئەو ناوچانە لە زمانە ستاندەرەکە ناگەن. بەڕای تەوازوعی من، هەمەڕەنگی لە سیدییەکدا کارێکی جوانە، بەڵام نەك تەنها گۆڕان لە جۆری دیالێکتەکاندا بێت، بەڵکو پەیبردن بێت بۆ سۆزی ناوچەکەو ئەو موزیکەی کە بەرجەستەی ئەو سۆزە دەکاتو چۆنییەتی پرۆناوزەیشنەی (گۆکردن- تەلەفوز)ی ئەو هونەرمەندەی کە ئەدای تێکستی ئەو گۆرانییە دەکات. سەرجەمی هەموو ئەمانەیە وادەکات چێژێکی جوانو بەرز دروستببێت بۆ وەرگری کورد نەك بە تەنها وەرگرتنی شیعر لە سەر حیسابی تێگەیشتنمان بۆ دیالێکتی زمانەکە..